شێرزاد ڕەسوڵ بەرپرسی وێنە و دیکۆمێنت لە مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر:

# کێشەی گەورەمان نەبوونی کارەبای بەردەوام و ساردی و گەرمییە لە هۆڵەکاندا

*** سەرەتا بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو مۆزەخانەیە چۆن بوو؟**

- بیرۆکەی دامەزراندنی مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر (قوتابخانەی ئەربیل ئولا) بۆ نووسەر و شاعیر مامۆستا (شێخ ئیسماعیل بەرزنجی) دەگەڕێتەوە، ساڵی ٢٠١٠ کاتێك بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن بوو لە وەزارەتی پەروەردە لە سەردەمی کاك (سەفین دزەیی) وەزیری پەروەردەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاتێ بیرخەرەوەیەکی پێشکەش کرد بۆ ئەو مۆزخانەیە و، دوای تاوتوێکردن لەگەڵ کاك (نەوزاد هادی) پارێزگاری پێشووی هەولێر، لە سەر بودجەی پارێزگا قوتابخانەی (ئەربیل ئولا) نۆژەن کرایەوە و کرا بە موزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر .

*** بۆچی (قوتابخانەی ئەربیل ئولا)تان هەڵبژارد؟**

- لەبەر ئەوەی قوتابخانەی (ئەربیل ئولا) یەکەم باڵەخانەی فەرمییە، کە لە سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا لە هەولێر دروست کراوە و، لە ساڵی ١٩٣٠وەك قوتابخانەیەکی فەرمی دروست کراوە، واتە ٩٠ساڵ پێش ئێستا، ماوەی ٦٠ساڵ زیاتر خوێندن تیایدا بەردەوام بووە، جێی ئاماژەپێکردنە ئەو باڵاخانەیە پێش ئەوەی ببێت بە مۆزەخانە، ببووە بنکەی پۆلیس، بۆیە بە باش زانرا بکرێتە باڵاخانەی (مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر) بۆ ئەوەی بە نەمری بمێنێتەوە

*** ئەو کەسایەتییانەی وێنە و کەلوپەلەکانیان لەوێ دادەنرێت، یان هۆڵیان بە ناو کراوە، لەسەر چ بنمایەك دەبێت؟**

- ئەو کەسایەتییانەی هۆڵیان بەناوکراوە، یان یادگارییەکان نمایش کراوە و وێنەیان هەڵواسراوە، پەروەردەکارێکی بەرچاوی ئەم شارە بوون و خزمەتیان بە ڕەوتی پەروەردە کردووە، یان قوتابییەکی



**مۆزخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر، یەکێکە لەو مۆزەخانانەی شاری هەولێر کە خزمەتێکی زۆر بە ئەرشیفکردن دەکات، بەتایبەتی ئەرشیفی پەروەردەیی، کە جگە لە کەسایتییەکانی بواری پەروەردە، ئەرشیف و دەستنووسی کۆمەڵێك لە هونەرمەندان و نووسەران لەخۆدەگرێت و، تاکە مۆزەخانەی پەروەردەییە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و لە نێو ئەم مۆزخانەیە، چەندین بەشی جیا جیا هەیە، کە مایەی دەستخۆشین، بە مەبەستی ئاشنابوون بە چۆنیەتیی دروستبوونی مۆزەخانەکە، چاومان بە شێرزاد رەسوڵ بەرپرسی وێنە و دیکۆمێنت لە مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر کەوت و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

دیدار /کامەران حاجی ئەلیاس

دێرینی ئەم قوتابخانەیە بوون، ئەم قوتابخانەیە زۆر تایبەتە و قوتابخانەیەك بووە لە سەر کورد تاپۆ نەبووە، بەڵکو قوتابی عەرەب و تورکمان و کریستیان و جوویشی تێدا بووە و هەرچی نەتەوە و ئایینزا لەم شارە ژیاون، لەم قوتابخانەیە قوتابییان هەبووە، بۆیە بە قوتابخانەی (ئەربیل ئولا) دەگوترێت (قوتابخانەی بەیەکەوە ژیان و تەبایی ).

*** ئەم مۆزەخانەیە لە چەند هۆڵ پێك دێت؟**

- ئەم مۆزەخانەیە لە ١٢هۆڵی جیا جیا پێکهاتووە، کە ئەرشیف و دەستنووسی پەروەردکاران و نووسەران و هونەرمەندان لەخۆدەگرێت.

*** سەردانی هاووڵاتیان بۆ مۆزخانەکە لە چ ئاستێکدایە؟**

- رۆژانە دەرگای مۆزەخانە والآیە و بەردەوام خەڵك سەردانمان دەکەن، تا ئێستا زۆرێك لە کونسوولی وڵاتان وەکو (ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، وڵاتانی عەرەبی و نوێنەری رێکخراوە جیهانییەکان) سەردانی مۆزەخانەکەیان کردووە و رۆژانەش گەشتیاران و هاووڵاتیان و قوتابیانی ناوەندەکانی خوێندن و کۆلیژ و پەیمانگەکان، مۆزەخانەکە بەسەر دەکەنەوە.

*** ئەوگرفت و کێشانە چین کە رۆژانە روبەڕووتان دەبێتەوە؟**

- تەنیا کێشەی تەکنیکی لە مۆزەخانەی پەروەردە دا هەیە، ئەویش نەبوونی کارەبای بەردەوام و موەلیدە و ساردی و گەرمییە لە هۆڵەکاندا، لە هەمان کاتدا لە رۆژی جیهانیی مۆزەخانەدا بە پێویستی دەزانین داواکاریمان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە و پارێزگاری هەولێر و بەرێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی هەولێر بکەین، کە وەك تاکە مۆزەخانەی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان و عێراق گرنگیی زیاتر بە مۆزەخانەی پەروەردە بدرێت، ئێستا موزەخانەکەمان جامخانەی هەیە، کە د.فرسەت سۆفی پارێزگای هەولێر بڕیاری لەسەر داوە و دەستخۆشی لێ دەکەین.

***پڕۆژەی داهاتووتان بۆ برەودان بە مۆزخانەکە چییە ؟**

- هەر لەگەڵ کردنەوەی مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێردا لە ساڵی ٢٠١٤ بیرۆکەی پاشکۆی مۆزەخانەی پەروەردە خرایە روو، کە قوتابخانەی ئەیوبییە وەك پاشکۆیەکی مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر نۆژەن بکرێتەوە، بەڵام قەیرانی دارایی بەسەر داهات، هەروەها کاتی خۆی لە ئەنجوومەنی وەزارەتی پەروەردە پێشنیاز کرا کە هاوشێیوەی هەولێر لە شارەکانی دیکەش مۆزەخانەی پەروەردە بکرێتەوە، لە هاوینی ساڵی رابردوو بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی گشتیی سلێمانی نوێنەرێکیان نارد، تا سوود لە ئەزموون و بیرۆکەی پڕۆژەی مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر وەربگرن، ئەگەر هاوکاریی زیاتر بکرێین، بیرۆکە و پڕۆژەی باشمان هەیە بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە مۆزخانەکەمان بکەین، وەك فراوانکردنی باڵاخانەکە، چونکە رۆژ بە رۆژ کەسانێك کە خزمەتیان بە بواری پەروەردە کردووە، پەیوەندیمان پێوە دەکەن.





# ئاشلی گراهام هانی قەڵەوی دەدات

ئاشلی گراهام ئێستا بووەتە یەکێك لە مۆدێلە ناسراوەکانی جیهان، کە لە سەر بەرگی گۆڤارە ناسراوەکانی جیهاندا دەردەکەوێت و ژمارەی فۆلۆوەرەکانی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئەنستاگرام گەیشتۆتە زیاتر لە پێنج ملیۆن کەس، هۆکاری ناوبانگ و ناسراویی جیهان بۆ قەڵەوییەکەی دەگەڕێتەوە.

ئاشلیی تەمەن سی ساڵە ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووە، چونکە بەردەوام لە گفتوگۆدایە لەگەڵ کچە مۆدێلەکان، سەبارەت بە زیادکردنی کێشی لەشیان، سەرەڕای ئەوەی کە هانیان دەدات بۆ ئەوەی خاوەن لەشێکی ڕێك و پڕ بن، بەڵام قەڵەوی بە کارێکی خراپ وەسف دەکات.

ئاشلی ئێستا خاوەنی زیاتر لە پێنج ملیۆن فۆڵۆوەرە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام، لە بارەی نمایشکارە قەڵەوەکان دەڵێ: «من سەرکەوتن و ناوبانگی خۆم بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی بابەتی نمایشکارە قەڵەوەکان بەکار دەهێنم، بۆ ئەوەی ئەوان لە ڕێگای ئەو دەرفەتانەی بۆیان دەڕەخسێت و ڕەنگدانەوەی وێنەیەکی نوێیە دەربارەی جوانی، باس لە جوانیی لەش و قۆناغەکانی گۆڕانکاریی لەشی خۆیان بکەن، من بە قەڵەوەکان دەڵێم پێویست بە شەرم ناکات، چونکە ئەگەر خاوەن توانایت و سەرکەوتووی، دەتوانی لە زۆر بواردا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، بۆیە هانیان دەدەم تاکو بەردەوام بن لەسەر ئەو شێوازەی خۆیان و لە پێناو هیچ کەسێدا هەوڵی گۆڕانکاری نەدەن».

ئاشلی باس لەوەش دەکات کە پێویستە کچە مۆدێلەکان بە ژمارەی لایکەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکات هەڵنەخەڵتێن، چونکە ئێستا ژمارەیەکی زۆر ئەو کچانە لایکەکانیان بە پێوەر دەزانن بۆ ئاستی سەرکەوتنیان، بەڵام ئەمە هەڵەیە و پێویستە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دووربخەنەوە.



# کۆرۆنا فیلمەکانی جاکی شـ

کۆمپانیای میترۆگۆڵدینی سینەمایی ڕایگەیاند، کە نمایشکردنی دوایین بەشی زنجیرە فیلمەکانی جیمس بۆند بە ناوی (No Time to Die)ی لە وڵاتی چین دواخستووە، ئەمەش بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو وڵاتە و گیانلەدەستدانی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان، بە هۆی تووشبوونیان بە ڤایرۆسەکەوە.

بڕیار وایە بەشی (٢٥)ی زنجیرە فیلمەکە ڕۆژی ١٠ی نیسانی داهاتوو لە ئەمریکای باکوور نمایش بکرێت، کە دەبێتە دوایین بەشی ئەکتەری ناسراو دانییل کریج لە ڕۆڵی جیمس بۆند، لەم بەشەدا جیمس بۆند لە خزمەت دوورخراوەتەوە و ژیانێکی ئاسایی لە وڵاتی جامایکا بەسەر دەبات، دواتر داوای لێ دەکرێت کە جیهان لە



# هونەرمەندێک خۆی بە سەگ وەسف دەکات

زۆر جـار هونەرمەنـدان بەتایبەتـی گۆرانیبێـژان بەهـۆی بڵاوکردنـەوەی کلیپێـك، یـان چەنـد قسـەیەك کـە ئاراسـتەی کەسـایەتییەك، یـان بیروڕایەکی دیاریکراوی دەکەن، رووبەڕووی رەخنەی زۆر دەبنەوە، کچە هونەرمەندێکـی تورکیـش بـە هـۆی وەسـفێك کـە خـۆی کردوویەتـی، رووبـەڕووی رەخنەیەکـی زۆر بۆتـەوە.

خانمە گۆرانیبێژی تـورك (ئیرام دەرجی) بەهۆی ئەوەی خۆی بە (سـەگ) وەسـف کـردووە، مشـتومڕێکی زۆری لـە نێـو جەماوەرەکەیـدا ناوەتـەوە، چونکـە کاتێـك پرسـیاریان لـێ کـرد: بۆچـی خۆت بـە سـەگ وەسف دەکەیت؟ لـە وەڵامـدا گوتـی: «سـەگ گیانەوەرێکـە تـا رادەیەکـی زۆر جیـاوازە و تایبەتمەندیی خـۆی هەیـە، سـەگ کارە نەرێنییـەکان لـە بیر دەکات و کارە بـاش و ئەرێنییـەکان لـە بیـر نـاکات.»

لـەم بـارەوە ئیـرام بـە میدیاکانـی تورکیـای راگەیانـد: «سـەگ بـەوە ناسـراوە کـە کارە باشـەکان لـە یـاد نـاکات و وەفـادارە بـۆ خاوەنەکـەی و ئەگـەر رەفتارێکـی نەرێنیی بەرامبـەری ئەنجام بدرێت، ئـەوا لـە بیـری دەکات، بۆیـە مـن سـەگم زۆر خـۆش دەوێت، مـن وەك سـەگ عاشـق دەبـم و وەفـادارم و پەشـیمانیش دەبمـەوە هـەر وەکـو سـەگ، تەنانـەت باوکیشـم زۆر جـار پێـم دەڵێت، هەمیشـە سـەگ بـە.»

ئیـرام دەرجـی لـە نـاوەوەی تورکیـا خـاوەن جەماوەرێکـی زۆرە و خاوەنـی چەندیـن گۆرانـی سـەرکەوتوو و جەماوەرییـە، بـەڵام لـە دەرەوەی ئـەو وڵاتـە زۆر ناسـراو نییـە.

**سەرچاوە: رۆژنامەی (نورت)**

## ـــــان و دانییل کریج دوا دەخات



**تاوانبارێکی نهێنـی رزگار بـکات، کـە نوێتریـن چەکـی کوشـندەی لـە بەردەسـتدایە.**

**لەلایەکی دیکـەوە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا بـووە هـۆی دواخسـتنی نمایشکردنی فیلمـی (Vanguard) کـە نوێتریـن فیلمی ئەسـتێرەی جیهانـی (جاکی شان)ـە لـە وڵاتـی چیـن، بەشـێکی زۆری فیلمەکـەش لـە دوبـەی وێنـەی گیـراوە.**

**چین بە یەکێك لە بازاڕە گرنگەکانی سینەمای جیهانی دادەنرێت و بەشی هـەرە زۆری فیلمـەکان بە ئامادەبوونی پاڵەوانانی فیلمەکان نمایشی تایبەتییان لەو وڵاتـەدا دەبێت، بەتایبەتی کە نمایشـەکان هـاوکات بن لەگـەڵ جەژنـی سـەری ساڵی چینـی، کـە لـە سەرتاسـەری جیهانـدا بـە گەورەتریـن هەفتـەی سینەمایی دادەنرێت، ئەمـەش ساڵانە قازانجێکـی زۆر بۆ فیلمـەکان بەدەست دەهێنێت، کە بە نزیکەی یـەك ملیار دۆلار دەخەمڵێندرێت، بەڵام هۆڵەکانی سینەما لەو وڵاتـە لـە سەرەتای ساڵەوە بەهۆی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنـا دەرگاکانـی خۆیـان داخسـتووە، بێگومـان ئەمـەش کار دەکاتـە سەر بازاڕی سینەمای جیهانی.**

### کچە ئەکتەری مەغریبی سەنا بەحاج بۆ گوڵان:

# هێڵی سوورم هەیە و نایانبەزێنم



لە وڵاتی مەغریب گرنگییەکی زۆر بە توانا و بەهرەی لاوانی هونەرمەند دەدرێت، بۆیە بەردەوام هونەرمەندانی بەتوانا دەرکەوتوون. سەنا بەحاج یەکێکە لەو ئەکتەرە بەتوانا و سەرکەوتووانەی کە لەبەر لێهاتوویی خۆی لە زۆر کاری هونەریدا لە بواری تەلەفزیۆن و دراما بەشداری کردووە، کە لە ئاست تەمەنی هونەریی خۆی زیاترن و لەگەڵ چەندین ئەکتەر و دەرهێنەری ناوداری مەغریبیش کاری کردووە. سەرەتا سەمای بە شێوەیەکی ئەکادیمی خوێندووە، ئینجا لە پەیمانگەی باڵای هونەری شانۆیی و رۆشنبیریی بۆ ماوەی چوار ساڵ خوێندوویەتی، دواتر لە چەندین زنجیرە دراما و کورتە فیلم و فیلمی درێژدا بەشداری کردووە، ئەو هونەرمەندە مەغریبییە لە دیمانەیەکی بۆ گۆڤاری گوڵان بەم جۆرە وەڵای پرسیارەکان دەداتەوە.

*** لە سینەمای مەغریبیدا پەیوەندیی نێوان سینەماکاران خۆیان و جەماوەری سینەما لە چ ئاستێکدایە؟**

- لێکتێگەیشتنێك لە نێوان بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرە مەغریبییەکاندا هەیە، هەر ئەمەشە بووەتە هۆی ئەوەی بتوانین پەیامی سینەمای مەغریبی بەشێوەیەکی باش و راشکاوانە بگەیەنین و تێیدا سەرکەوتوو بین، لە زۆربەی فیلمە مەغریبییەکاندا بەرهەمهێنەر و دەرهێنەران توانیویانە لە رێگەی پێشکەشکردنی ئەو بابەتانەی کە لە جەماوەرەوە نزیکن، کۆنتاکێکی بەهێز لەگەڵ جەماوەردا دروست بکەن، بۆیە دەتوانم بڵێم سینەمای مەغریبی توانیویەتی رەنگدانەوەی کۆمەڵگەی مەغریبی و ئێش و ئازارەکانی بێت. بەداخەوە زۆر جار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبیستین کە ململانێیی توند لە نێوان خودی هونەرمەندان‌دا هەیە، یان پڕوپاگەندەی سەیر دژی هونەرمەندان بڵاو دەکرێتەوە، بێگومان ئەمەش پێچەوانەی ئەو بنەما ئەخلاقییانەیە کە پێویستە لە هونەرمەنددا هەبێت.

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە کچە ئەکتەرانی مەغریبی بۆ دەرکەوتن زیاتر پشت بە وروژاندن و خۆرووتکردنەوە دەبەستن، نەك بە تواناکانیان، سەبارەت بەم قسەیە رات چییە؟**

- ئەمە زۆر دوورە لە راستییەوە، چونکە سینەمای مەغریبی سنووری نەبەزاندووە و پشت بە جورئەت و وروژاندن نابەستێت بۆ راکێشانی سەرنجی جەماوەر، ئەمە زیاتر پڕوپاگەندەیە و دەخرێتە پاڵ سینەمای مەغریبی، چونکە دەرهێنەری مەغریبی رێزی جەماوەری خۆی دەگرێت، سەرەڕای ئەوەش نکۆڵی لەوە ناکەین کە هەندێك فیلم کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، چەند دیمەنێکی وروژاندنیان بەکارهێناوە، بەڵام ئەوش لە چوارچێوەیەکی جیا و لە دەرەوەی سیناریۆی فیلمەکەن، من وای دەبینم سینەمای مەغریبی هێشتا پارێزگارە بە پێچەوانەی ئەوەی لە فیلمە عەرەبییەکاندا دەیبینین.

*** لە نواندندا هێڵی سوورت هەیە؟**

- بێگومان، هەر ئەکتەرێکی ئافرەت هێڵی سووری هەیە، کە ناتوانێت بیانبەزێنێت، بەڵام من دژی ئەو رۆڵانە نیم کە جۆرێك لە جورئەتیان تێدایە، بەو مەرجە تەنیا بۆ سەرنجراکێشان و وروژاندن نەبن، بۆیە پێشتر سیناریۆکان دەخوێنمەوە و لێیان ورد دەبمەوە، ئینجا بڕیار دەدەم، زۆر جاریش رۆڵ هەبووە لەبەر ئەم بابەتە رەتم کردۆتەوە.

*** دەتوانیت پێمان بڵێیت کە سینەمای مەغریبی چ تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە سینەمای دیکەی عەرەبی جیای بکاتەوە؟**

- لەو بڕوایەدا نیم کە سینەمای مەغریبی هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سینەمای وڵاتانی دیکەی عەرەبی هەبێت، کە شایەنی باسکردن بێت، زۆربەی کارە هونەرییە عەرەبییەکان هاوشێوەن، یان جۆرە نزیکبوونەوەیەك لە نێوانیاندا هەیە، تائێستا هونەری عەرەبی بە گشتی لە نێو خۆیاندا رکابەرێتی دەکەن و هیچمان نەگەیشتووینەتە ئاستی جیهانی، بە شێوەیەکی گشتی جیاوازیی سینەمای مەغریبی و عەرەبی تەنیا لە شێوەزارەکەدایە.

*** لە ئێستادا گرنگییەکی زۆر بە کورتە فیلم دەدرێت، رای ئێوە سەبارەت بە کورتە فیلم چییە؟**

- زۆربەی ئەکتەرە سینەماییە ناودارەکان، بەتایبەتی لە وڵاتە رۆژهەڵاتییەکاندا لە کورتەفیلمدا دەستیان بە کاری نواندن کردووە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ و پێویستە بۆ پێشخستنی ئەکتەر، چونکە کورتەفیلم مەشقێکی گەورە و بەسوودە بۆ ئەنجامدانی فیلمی درێژ، بە هۆی ئەزموونی خۆمەوە لە کارکردن لە هەردوو جۆری فیلمدا، دەتوانم بڵێم کورتەفیلمی باش و سەرکەوتوو رۆڵێکی گرنگ و سەرەکیی لە بەرهەمهێنانی فیلمی درێژدا هەیە.

*** ساڵانە فیلمە کوردییەکان بەشداری لە فیستیڤاڵە سینەماییەکانی مەغریبدا دەکەن، بەڵام هونەرمەندانی مەغریب وەك پێویست ئاشنایەتییان بە فیلمە کوردییەکان نییە، رای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟**

- بەداخەوە زانیارییەکی زۆرم نییە، بەڵام پێموایە لە زۆر رووە سیناریۆی فیلمە کوردییەکان لە فیلمە مەغریبییەکان نزیکن، کە رەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەی کوردین، هەر ئەو فیلمانەش هانیاندام کە لە بارەی مێژووی کوردەوە بخوێنمەوە و زانیاریی زیاتر پەیدا بکەم.

*** ئایا سینەمای میسری کاریگەریی لەسەر سینەمای مەغریبی هەیە؟**

- من یەکێکم لەوانەی لە نزیکەوە سەیری فیلمە میسرییەکان دەکەم، بە رای من هەندێك لە فیلمەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزدان، لە هەموو روویەکەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو عەرەبەکان کاریگەریی فیلمە میسرییەکانیان بەسەرەوەبێت، چونکە وڵاتانی دیکەش خاوەن کولتوور و هونەری تایبەتی خۆیانن و هەر یەکەیان جیاوازی و تایبەتمەندێتیی خۆیان هەیە.

*** لە جیهان بە گشتی بینەری سینەما رووی لە کەم بوونە کردووە، ئێوە هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

- منیش سەرسامم بەم کارە کە خەریکە دەبێتە دیاردە، نازانم جەماوەر بۆچی پشتی لە سینەما کردووە، چونکە جەماوەری مەغریبی بەوە ناسراوە کە تینووی سینەمایە، هیوادارم سینەمای مەغریبی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زێڕینی خۆی و جەماوەر وەك جاران هۆڵەکانی سینەما بکەنەوە و سینەماش وەکو جاران پاڵەوانە جیهانییەکان بەرهەم بهێننەوە.

*** ئایا دەبێت چی بکرێت بۆئەوەی جەماوەر لەگەڵ سینەما ئاشت بکرێتەوە؟**

- بێسەروبەریی هۆڵەکانی سینەما و گرنگی نەدانی حکومەت و کەرتی تایبەت بە بواری سینەما و سینەماکاران و پێشکەشنەکردنی ئەو فیلمانەی کە لە ئاستی خواستی جەماوەرن، پێویستە چاکسازییا تێدا بکرێت، چونکە ئێستا جەماوەر زۆر لەو فیلمانە زیرەکترە کە پێشکەش دەکرێن، رەنگە ئەمانە هۆکاری سەرەکیی دوورکەوتنەوەی جەماوەر بن لە سینەما.